مه هاباد قه ره داغی

# مام جه لال بۆ ده ستی سه نعان قه ساب ماچ ده كات؟

## "وتار و كۆمینتار"

لەمەوبەر ڕەخنەم لە هەندێ لە وتار و ڕەفتارەكانی مام جەلال هەبووە و لەمەودواش لەسەر هەر وتار و ڕەفتارێكی ڕەخنەهەڵگری ئەو، ڕامانی خۆم لە نووسینەكانمدا ورد دەكەمەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەینووسم ڕەخنەیەك نییە لە مام، بەڵكە پرسیارێكە لەمەڕ ئەو سیدییەی كە



ماوەیەكە بڵاودەكرێتەوە و لەوێدا وێنەكان وا دەنوێنن كە لە مەراسیمی بەخشینی زەوییوزار بەحیزبۆكەیەكی توركمان، دەستی سەرۆكی ئەو حیزبۆكەیە، سەنعان قەساب، ماچ دەكات.

من پێش ئەوەی باوەڕ بە وێنەیەك بكەم، لەئەگەر و گریمان و گومانەكان ڕادەمێنم. ئێمە دوو چاومان هەیە بۆ بینین، وەلێ ئاوەزیشمان هەیە بۆ تێفكرین. دوو گوێمان هەیە بۆ بیستن، وەلێ هۆشیشمان هەیە بۆ دەرككردن، هەستیشمان هەیە بۆ پەیپێبردن و زمانیشمان هەیە بۆ وتن. مرۆ ئەگەر هەموو هەستەكانی كارا نەبێت و، ئاوەزی نەخاتە دۆخی تێفكرین، سۆز و ڕەمەكەكانی دەیدەنە دەستی ئەو كەناڵانەی كە بەم ڕۆژگارە شەپۆل و دژەشەپۆلی زانیاری و هەواڵ لە هەموو لایەكەوە شاڵاوی بۆ دەهێنن.

نامەوێ بە كەس بڵێم باوەڕ بكە یان باوەڕ مەكە كە ئەو فیلمە ڕاست بێت و مام جەلال دەستی سەنعان قەسابی ماچ كردبێت، ڕای خۆشم بەسەر كەسدا ناسەپێنم. تەنها دەمەوێ بە دەنگی بڵند بیربكەمەوە و ئەو پرسیارانەی لای خۆم ورووژاون و باڵیان كردووە، هەڵیانفرێنم، بەو نیازەی خۆیان بەناو ئاسۆی بیر و ڕامانی دەوروبەردا بگەڕێن و وەڵامێك بۆ خۆیان بدۆزنەوە. یەكەمین پرسیاریش هەمان ئەو پرسیارەیە كە وەك سەردێڕی ئەم وتار و كۆمینتارە خۆی خستۆتە ڕوو.

<u>مام جەلال بۆ دەستی سەنعان قەساب ماچ دەكات؟</u>

گومان و گریمان و ڕامان لە خولگەی ئەو پرسیارە سەرەكی و ناوكییەدا دەسوڕێنەوە. فیلمی سیدییەكە وا نیشان دەدا كە مام زەوی و زاری دەوروبەری كۆیە دابەش دەكات بەسەر قەرداشەكاندا. ئۆ كەی، تا ئێرە هیچ دوور نییە و كاری وا لە مام دەوەشێتەوە و لەو جۆرە كارانەشە كە بەڕێزی بە "كەندەڵی" ناوزەدی كرد. بەڵام زەوی و زاریشی پێ بدات و دەستی قەساب ئۆغلووش ماچ بكات؟! بۆ؟ ئەمەیان سەیریش و سەمەرەشە. بۆچی زەویشی دەداتێ و دەستیشی ماچ دەكات؟ بۆچی ماچی دەستی دەكات و هی شانی یا ڕوومەتی ناكات؟ ئاخۆ ئەو وێنەیە بە كامیرای شاراوە گیراوە یان بە هی ئاشكرا، بە هی توركیا گیراوە یان هی یەنك؟ چوونكە لەو سەفقەیەدا دوو لایەن هەن و خۆ دەبێت بە كامیرای یەكێك لەم لایەنانە گیرابێت.

ئاسانە بزانین کە کامیرای ینک نەبووە، دەنا بڵاو نەدەبووەوە، خۆناشێ ینک خۆی سکانداڵی خۆی بڵاو بکاتەوە. کەواتە کامیرای تورک وێنەکەی گرتووە. خۆ مام جەلال کامیراکە دەبینێ و دەشزانێت ئەو وەک سکرتێری حیزبێک، وەک هەر یەکێک لە سەرانی کورد بۆ لایەنی نەیار "داگیرکەرانی کوردستان" ئامانجی پەلامارەو لە هەموو کەسێکیش باشتر دەزانێت تورکیا دوژمنترینە و ئەم دوژمنایەتییەشی نەشاردۆتەوە و بە هۆ و بێ هۆ بەیانی کردووە، کەواتە هیچ نەبێت لەبەردەم کامیرا دەست ماچ ناکات تا نەکرێت بە ماڵ بەسەریەوە و نەیکەن بە فلیم.

دانەوین و دەستماچکردن لە کلتووری کورددا هێمای پایەبەرزی دەستماچکراو و پایەنزمی دەستماچکەر بووە. لە کلتووری ئایینی دا سەید و شێخ بە پایەبڵند بینراون و مسکێن خۆی لە ئاستیاندا بێ پایە بینیوە و سەری بۆ دانەواندوون و دەستی ماچ کردوون. لە کلتووری خێڵیشدا ئاغا و ڕەعیەت لەو دوو ئاستەدا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتردا کردووە. تۆ بڵێی ئاسان بێت باوەڕ بکەین کە مام جەلال "بە چاونەپۆشینمان لە هەڵە و کەموکورییەکانیشی" پایەی کابرای تورکمانی پێ لەخۆی بڵندتر بووبێ و بۆی دانەوێتەوە، یان مام جەلال سەنعان قەسابی لێ بووبێ بە شێخی سەنعان و خۆی بە مورید زانیبێ و دەستی ماچ بکات، یان ئەوی بە ئاغا و خۆی بە ڕەعیەتی زانیبێ و کڕنۆشی بۆ بکات! ئەم مەتەڵە هیچ لۆژیکێکی تێدایە؟!

ڕەنگە وروژاندنی ئەم پرسیارە و دەربڕینی ئەم کۆمینتارە کەسانێک دڵشاد و کەسانێک ناشاد بکات، خوێنەرانێکم لێ کۆبکاتەوە و خوێنەرانێکم لێ بپڕینگێنێتەوە. وەلێ تکایە کەس کاڵکئاوەژوو لەم کۆمینتار و پرسیارە وەرنەگرێت و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاری نەهێنێت. مەبەستی من ئەوانە نییە و سنوورێک لەبەردەم بیرکردنەوەی خۆمدا نابینم، بۆیە تەنها وەک خۆم بیر دەکەمەوە و خۆم بە ناچار نازانم وەک کەسی دی بیربکەمەوە و بە چاوی کەسانی دی دیاردەکان ببینم. نە دەمەوێ کەس دڵشاد و نەش دەخوازم کەس ناشاد بکەم. تەنها دەبینم و نامەوێ لەئاستیدا بێدەنگ بم کە چۆن داگیرکەر هەر جارەی بە یارییەک گەمە بە ئاوەزمان دەکات و بە ڕووداوێک سوکایەتی بە مرۆڤی کورد دەکات.

سوکایەتی کردن بە عەبدوڵلا ئۆجەلان و خستنە سەر شاشەی تیڤییەکانی هەموو دنیا بە دیلی و بە زەلیلی لە لایەن تورکیاوە، سوکایەتی نەبوو بە تاقە مرۆڤێکی کورد، بەڵکە نەتەوەیەکی چل ملیۆنی لە ڕێگەی ئەو پیاوەوە دەستی لێ وەشێندرا و دەم و دەستی بەسترایەوە و ڕیسوا کرا.
بمانەوێ یان نا؛ خۆشمان بوێ یان نا، ڕەخنەمان لێی هەبێ یان نا، لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە سەردارێکی کورد، هەر سەردارێکی، سیفەتەکانی کەسایەتی هەرچییەک بێت، سیمبۆلێکی کوردییە و، ئەگەر ئاوێنەی هەموو نەتەوەکەش نەبێت هی بەشێکێتی و شکاندنی ئەو و بێبایەخکردنی، سوکایەتی بەو ناگرێتەوە، بەڵکە بێبایەخکردنی "هەموو" یان "بەشێکی" ئەو گەلەیە. داگیرکەر وەک چۆن لە ڕێگەی جینۆسایدی گەلەکەیەوە گورز لەو دەوەشێنێت، ئاواش لە ڕێگەی

گەلەکۆمەکردن لەو، گورز لە گەل دەوەشێنێ. ئەمە سادەترین هاوکێشەی دەروونناسی سیاسەتە، ئەلف و بێی شەڕی دەروونییە لە ساتە نائاساییەکان و ڕەوشە ئاوەرتەکاندا پیادە دەکرێت و، پێویستە لێی بەئاگا بین.

من گومانم لەوە نییە کە تورک ئەو فیلمی سیدییەی بڵاوکردۆتەوە و، بەوەش نایەوێت تەنها پێمان بڵێت پیاوێک دەستی پیاوێکی تر ماچ دەکات، یان پیاوێکی کورد دەستی پیاوێکی تورک ماچ دەکات، بەڵکە دەیەوێ لە میانەی ئەو دیمانانەوە پێمان بێژێ "گەلی کورد" نەک دەستی "تورک" بەڵکە دەستی "بەکرێگیراوێکی تورک"، "نۆکەرێکی تورک" ماچ دەکات. ڕاستە مام جەلال پیاوێکی کوردە، بەڵام ئەو هەر پیاوێک نییە، سیمبۆلێکی کوردییە. ڕاستە ئۆجەلان پیاوێکی کورد بوو، بەڵام هەر پیاوێک نەبوو، ئەو کاریزمایەک بوو کە زیاتر لە سەد کوڕ و کچی کورد خۆیان بۆ سووتاند و ملیۆنان کورد فرمێسکیان بۆ هەڵوەراند.
لێدانی بارزانی نەمر بە خەنجەری ڕێککەوتننامەی جەزائیر تەنها گورز نەبوو لەو سەرکردەیە، بەڵکە گەلەکۆمەیەکی عەرەبی – فارسی بوو بۆ سەر نەتەوەی کورد و هەر چوار بەشی کوردستان، چوونکە ئەو دەم بارزانی نەک تەنها شۆڕشێکی لە باشووری کوردستاندا گەیاندبووە نزیکی لووتکە، بەڵکە سنوورەکانی نێوان کوردستانەکانیشی سڕیبووە و ببوو بە سیمبۆلی کوردەکانی ئەمدیوو و ئەودیوو و کوردەکانی سەرخەت و بن خەتیش.

تورک تەنها بازی بە ئاوەزمان ناکات، بەڵکە لە هەستیارترین ژێیەکانی دەروونمان دەدات. ئەو بە بێدەنگی خەباتی نهێنی بۆ تواندنەوەمان ناکات، بەڵکە بە ئاشکرا دەیکات و بە بڵندگۆ دەڵێت: "دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیم ئەگەر لە ئەفریقاش بێت". تورک و داگیرکەرانی تریش، هەرچیان لەدەست بێت دەیکەن بۆ شکاندنەوەی کورد و لێدانی سەرکردەکانی، بریا ئێمەش بمانتوانیبا هزرمەندانە پیلانەکانیان پوچەڵ بکەینەوە، نەک ڕەمەکییانە وەدوویان بکەوین بۆ جێبەجێکردنی پیلانە چنراوەکانیان. تورکی دوێنێ هەر هەمان تێڕوانینی هەیە بۆ کورد و هیچ نەگۆڕاوە. دوێنێ لە میانەی دیلکردن و زەلیلکردنی ئۆجەلانەوە سوکایەتییان بە کورد کرد، ئەمڕۆ لە میانەی بڵاوکردنەوەی فیلمی دەستماچکردنی مام جەلال و، سبەینێ و دوو سبەینێش نۆرەی سەرکردەکانی تر دێت. تۆڕی دەوڵەتی تورک هەمیشە لە نێچێری قەڵەوی کوردی دەگەڕێت. بریا سەرانی کورد لەم ڕاستییە غافڵ نەدەبوون و بە ئاگادارییەوە دەجوڵانەوەو لەگەڵ ئەواندا چاوێکیان دەکرد بە سەد چاو و بواریان نەدەدا خۆیان بکرێن بە فلیم و گەلی کوردیش بکرێت بە سینەما. بریا مام جەلال دووربینانەتر سیاسەتی دەکرد و سیاسەتمەدارانەتر دەبزوا و دەپەیڤی، بۆ ئەوەی گۆڵی وای لێ نەکرێت و لەمیانەی کەسایەتی ئەویشەوە سوکایەتی بە کورد نەکرێت. مەخابنە کە کورد تیڤییەکانی خۆی بخاتە خزمەتی تورکەوە و گومانێک بۆ فیلمێک نەهێڵێتەوە کە تیایدا کەسایەتی کورد وەک کۆیلە پیشان دەدات.



مام جەلال خۆی نەهاتۆتە گۆ و لە ئاست ئەو فیلمە سەیرەدا بێدەنگی هەڵبژاردووە. تەنها هێرۆ خان لە نووسینێکی کورتدا ناڕاستەوخۆ ئاماژەیەکی کردووە و دەڵێ مام جەلال و خۆی زۆر ڕقیان لە دەست ماچ کردنە.

دەستماچکردن چونکە ئیماژی ئاغا و سەپان، کۆیلە و خاوەنکۆیلە وەبیردێنێتەوە، چونکە کۆدی کۆیلەیەتییە و ئەو قۆناغەش لە مێژە نێژراوە، هەر مرۆڤێکی هاوچەرخی کوردیش پێویستە دژی ئەو دابە و نەریتەهاوشێوەکان بوەستێ، کە سەرجەمیان داب و نەریتی کۆیلەسازن.

لە سەفەرەکەی هاوینمدا بۆ کوردستان دیاردەیەک بێزاری کردبووم، دیاردەی بەهۆ و بێ هۆ لەبەر بەرپرس هەڵسان. ئەم دیاردەیە لە هەندێ شوێندا تەواو پەستیان کردبووم، بە تایبەتی لەو جێگایانەدا کە شوێنی چاوەڕوانی بوون و کە بەرپرسێک لە جێگەی خۆی هەڵدەستا هەمووان هەڵدەستان و کە دادەنیشت هەموویان دادەنیشتن، کە دەچووە دەرەوە هەموو هەڵدەستان و کە دەهاتە ژوورەوە هەموو هەڵدەستان.
ئەوەی زیاتر لەو سیدییە دەمخاتە گومانەوە، ئەو دیدارە نافەرمییە بوو کە بە ڕێکەوت مام جەلالیشم بینی و نیو کاتژمێرێک لەگەڵ خۆی و هێرۆخان بووین[1]. کۆتایی سەفەرەکەم بوو، دوایەمین هەفتەی مانگی تەمووز. ئەگەرچی ئەو قسە و باسانەی کە لە سەر کێشەی ژن کردمان و ئەو ڕایانەی مام جەلال لەو دیدارەدا دەریبڕی بە دڵی من نەبوو، بەڵام شتێکی تری مام جەلالم بە دڵ بوو، لەبەر ئەوەشی کە ئەو شتەم بە لاوە گرنگە و پەیوەندیەکیش بەم بابەتەوەی دەبەستێتەوە، بۆیە پێم باشە باسی ئەویش بکەم.
ئەو ڕەفتارەیم زۆر پێ چاک بوو کە لە کاتی هاتنەژوورەوەدا ئەو دەیان کەسەی کە لەوێ دانیشتبوون، هەموو هەڵسان، مام جەلال بە خێراییەوە گوتی: "دانیشن، دانیشن، دانیشن ، فێری ئەم عادەتە بێمانایە مەبن." ئەم دەستپێشخەرییەی وای کرد لەو ماوەی نیو کاتژمێرەدا چەند جاری تر بچێتە دەرەوە و بێتە ژوورەوە کەس لەبەری هەڵنەستێ و کۆڕی دانیشتنەکەش ئاسایی و سروشتی بێت.

---

[1] ئێمە وەک دەستەی دامەزرێنەری پرۆژەی ژنی کورد، بە مەبەستی ڕاگەیاندنی پرۆژەی داخوازینامەی ژنی کورد لە کوردسان بووین. لەو ڕۆژەدا شنە هیدایەتی، مونیرە موفتیزادە و من میوانی خاتوو کافیە سلێمان بووین و لەگەڵ ئەودا چووین بۆ سەردانی هێرۆ خان کە نەشتەرگەرییەکی کردبوو. ئەو دیدارەش بەڕێز هەڤاڵ خەجۆ ڕێکی خستبوو. ئێمە کە چووین بە ڕێکەوت مام جەلالیش هاتبووەوە و چاومان بەویش کەوت. ئێمە لە دیدارەکانماندا بۆ لای بەرپرسان باسمان لە پرۆژەی داخوازینامەی ژنی کورد دەکرد و، سوودمان لەو دەرفەتە بینی و لەگەڵ مام جەلالیش باسمان کرد، هەڵوێست و ڕای مام جەلالم لە پەیوەندی بە مەسەلەی ژن و بە تایبەت ئەو پرۆژەیەدا پێ نێگەتیڤ بوو. لە نووسینێکی تایبەتیدا کۆمێنتاری خۆم لەسەر ئەو بابەتەش دەنووسم.

پێم وا نییه مام جەلال ئەو ڕۆژه به مەبەستەوه ئەوەی کردبێت، چونکه هۆیەک له ئارادا نەبوو بۆ نواندنێکی سیاسی. ئەگەر مام جەلال لەبەرهەڵسان بۆ خۆی ڕەت بکاتەوه، چۆن دەستی سەنعان قەساب ماچ دەکات؟ ئەمه پرسیاری منه له تورک و له کوردیش.
خۆزگه مام جەلال وەک له کارەساتەکەی ئۆجەلان دەرسی وەرنەگرت، ئەم کارەساتەی که له لایەن تورکەوه بەسەری خۆی هێنراوه بۆی ببێت به وانه. خۆزگه سەرکردایەتی حیزبەکانی کوردستان به گشتی ئەمه به کارەسات بزانن و ببێت به ئەزموون بۆیان و دووربینانەتر سیاسەت بکەن و هەرگیز ئەوه لەبیر نەکەن ئەوان ڕەمزن و ڕەمزیش هەموو جوڵه و ئاکار و وتارێکی کۆده و دەخوێندرێتەوه.
...
2004/10/04
ستۆکهۆڵم
qmahabad@hotmail.com
تێبینی: مافی بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینه پارێزراوه بۆ نووسەر. هەر ڕۆژنامه یان سایتێک به بێ پرس وتارەکه یان بەشێکی وتارەکه بڵاو بکاتەوه بەرپرسیار دەبێت.